کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-8-2007 2:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەردباران، بەڵام ئەمجارەیان بەپێچەوانەوە ... سمکۆ ئەنوەر**

بەردبارنکردنی (دوعا) لەلایەن کەسوکاروبەشێك لە گەنجانی ئێزدی بەوشێوە بێبەزەییانەی بینیمان، هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی هەژاند، بۆیە هەموو کەسێك لەلای خۆی بە ڕاست وچەپی، خوێندەوارو بێسەواد، نوسەرو شاعیر، وەزیرو گزیر، مەلا وقەشە، میرو پیر ... تێکرا ئەم شێوە کوشتنەی (دوعا) یان مەحکوم وڕیسواکرد.

وەکو ئاشکرایە دیاردەی کوشتنی ژنان لەکۆمەڵگای کوردەواری لەم دواییەدا بەڕادەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، شێوازو داهێنانی تازەی کوشتنی بەخۆیەوە بینیوە، لەوانە: کوشتن _ خنکاندن _ بێسەروشوێنکردن _ سووتاندن، تائەو ئەندازەیە کوشتنی ژنان بەبیانووی تەقینی غازو پەرەمێزو سۆبە زیادی کردووە، کەخودی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکۆبونەوەیەکی لەگەڵ تێکڕای ڕێکخراوەکانی ژنان وئافرەتانی کوردستان، لەمەترسی زیادبونی ئەم دیاردەیە بپێچێتەوە، دەسەڵات بەدەزگاکانی پۆلیس بدات لەکاتی ڕوودانی هەردیاردەیەکی سووتانی ژنان، ڕاستەوخۆ لێیپێچینەوە لەگەڵ کەس وکاری سووتاوەکە بکات، لەهۆکارە شاراوەکانی ڕووداوەکە بکۆڵێتەوە و لەکاتی پێویستدا دەسەڵاتی گرتن وڕاپێچکردنی کەسوکاری سووتاوەکەیان هەبێت.

ئەگەر بەردبارانکردنی (دوعا) و بڵاوکردنەوەی لەشاشەی مۆبایلەکان بەزیندوویی، لەسەر ئاستی ناوەخۆ ودەرەوە تائەندازەیەك بەگران لەسەر کەسوکارو (دوعا) وبرایانی تری ئێزدی وەستابێت، ئەوا لەکاتێکدا هەمان دیمەنی دلتەزێن دەرهەق دوو کەسی بێتاوانی تر ئێزدی بەدووری دەیان کیلۆمەتر لەو شوێنەی (دوعا) ی تێدا بەردبارانکرا، ئەمجارەیان لەسەردەستی تیرۆریستان بەرامبەر بەدوو کرێکاری ئێزدی لەبەرچاوی خەڵکی ناحیەی عەرەبنیشینی (ڕەشاد) ی سەربەپارێزگای کەرکوك، ڕۆژی 8/11 دووبارە ببێتەوە!!!، ئەوا ئەمجارەیان ئێزدیەکان مافی خۆیانە چاوەڕوانی ئەوە لەخەڵکی کوردستان بکەن، چۆن وبەچ شێوەیەك ئیدانەی کوشتنی (دوعا) یان کرد، بەهەمان شێوە ئیدانەی بەردبارانکردنی ئەم دوو کرێکارە کوردە ئێزدیە بکەن!، کەبۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان ڕوویان لەم شارە کردبوو، دوای ئەوەی لەلایەن تیرۆریستان دەستگیردەکرین، لەیەکێك لەگۆرەپانەکانی ئەم شاروچکەیە، بەبەرچاوی دەیان خەڵك، کەچەندین پۆلیسیشی تێدابوو، زۆر دڕندانەتر لەکوشتنی (دوعا) تامردن بەردباران دەکرێن.

جێگای داخە تاکو ئێستا ئەوانەی هەتا دوێنی لاپەڕەی ڕۆژنامە کوردی وبیانیەکان، ماڵپەرە کوردی و بیانیەکان، نەمابوو کە دەیان بابەتی ڕەخنە ئامێزی لەر شێوازی قێزەوەنی کوشتنی (دوعا) ی تێدا بڵاونەکەنەوە، لەسەرشاشەی کەناڵە ئاسمانی وتەلەفزیۆنە خۆماڵیەکان کۆڕوسیمیناری لەسەر ئامادەو پێشکەش نەکەن، کەچی ئەمڕۆ لەکاتێکدا دوو مرۆڤ، لەهەمان پێکهاتەی نەتەوەیی وئاینی (دوعا) بەهەمان شێوەی کوشتنی ئەو، ئەگەر ترسناکتر نەبوبێت، سیناریۆی کوشتنەکەیان بەو شێوە نامرۆڤایەتیە دووبارە دەبێتەوە، کەچی یەکێك ورتەی لێوەنایەت، شتێکی لەسەر نانوسێت!!.

ڕاستە بڵاوبونەوەی شێوەی کوشتنی (دوعا) لەمیانی شاشەی مۆبایلەکان هۆکارێکی گرینگ بوو بۆ بەجیهانیبوونی تاوانەکە، بەڵام ئەوانەی لە ناحیەی (ڕەشاد) یش بەبەرچاوی خەڵکەوە هەتامردن بەرباران کران، وەکو (دوعا) چەندین خەون وحەزو ئارەزوی ژیانیان هەبووە، بەڵام بۆ بێدەنگی لێبکرێت؟؟ بۆ نوسەرێك، سیاسییێك، شاعیرێك، وزیرێك، مەترانێك، مەلایێك، ... بەدوو قسە، بەدوو وشەی نارەزایی نەهاتنە گۆ؟؟، دوای تێپەڕبوونی چوارپێنج ڕۆژ، یەکێك دەنگی لێوە نەهات؟، ئەمڕۆش لەکاتێك دا لاشەی دەیان هاووڵاتی سیڤیلی ئۆدروگاکانی (گرد عوزێر_ سیبا شێخ خدر) برای گۆشت وخوێنی (دوعا) و دووبرا بەردبارانکراوەکەی ناحیەی (ڕەشاد) بەدەستی هەمان تاقمی تیرۆریست

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خەڵتانی خوێن دەکرێت، ئەوە دەخوازێت هەڵوەستەیەك لەمەڕ ئەم مەسەلە ترسناکەی قەتلوعامکردن وبەردبارانی کوردی ئێزدی بکرێت و هەڵوێستی پێویستی لەمەڕ وەربگیرێت.

بەردباران کردن وکوشتنی مرۆڤ، ژن بێت یان پیاو، سپی بێت یان ڕەش، موسڵمان بێت یان فەلە، کورد بێت یان ئازەری ... ... ، هەمان کاریگەری دەروونی ومرۆیی هەیە، بۆیە پێویستە بەهەمان پێوەر تەماشا بکرێت و بخوێندرێتەوە.

ڕاستە ئەوەی بۆ (دوعا) کرا لەجێی خۆیدابوو، بەقەدەر گەورەیی تاوانی کوشتنەکە بوو، بەڵام ئەو دوو مرۆڤەی کەلە ناحیەی (ڕەشاد) بەهەمان شێوەی نامرۆڤایەتی (دوعا) کوژران (کەمن دڵنیام لەمۆبایلی هەندێك لەئامادەبوانی بەردباران کردنەکە تۆمارکراوە و هەقوایە دەزگا پەیوەندیدارەکان هەوڵ بۆ پەیداکردنیان بدات) لەبەر ئەوە بەردباران کران چونکە بەنەتەوە کوردو بەئاین ئێزدی بوون، واتە کوشتنەکەیان دافیعێکی نیشتیمانی و ئاینی لەپشتەوە بووە، بۆیە بەم شێوە دڕندانەیە کوژراون.

لێرەدا جێگای خۆیەتی بزانین تیرۆریستان چۆن کارتەکانی خۆیان لەم دوو بەردبارانە بەکارهێناوە؟

لەبەردبارانی (دوعا) دا بۆ دروستکردنی ئاژاوەی ئاینی نێوان کوردی موسڵمان وکوردی ئێزدی، وەکو بەرگریکەر لەمرۆڤێکی بەناهەق کوژراو خۆیان نیشان دەداو، فرمێسکی تیمساحی یان بۆ ڕووداوەکە دەڕشت و هەڕەشەی ژێر بەژێریان دەکرد، گوایە ئەمە زوڵمێکە لەکەمینە ئایینیەکی وەکو ئێزدی دەکرێت!!

لەبەردبارانی (ڕەشاد) یش دا ئەو دوو مرۆڤەیان بۆیە بەم شێوەی کوشت، چونکە بەنەتەوە کورد و بەئایین ئێزدی بوون!.

بۆیە لە کاتێك هاوکێشەکە بەم شێوەیە ڕوون وئاشکرابێت هەقوایە پێوەرەکانی بەدەنگەوە هاتن وگەورەکردنی ئەم جۆرە تاوانانە لەهەموو لایەکەوە لەڕوانگەی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بەهەموو پێکهاتە نەتەوەیی وئاینیەکانی تەواوبێت، ئیعتیبار بۆ هیچ شتێکی نەکرێت کەببێتە ئەگەری لاسەنگ کردنی هەڵوێست و دەربرینەکانمان لەبەرامبەر هەوڵی تیرۆریست وهاوکارانیان لەهەڵگرانی بیروباوەڕی دواکەوتووی چاخەکانی ناوەڕاست.

سمکۆ ئەنوەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.